# مێژووی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران *

مركز الجزيرة للدراسات
ALJAZEERA CENTER FOR STUDIES



د.فاتمە سەمادی

توێژەر لە ناوەندی جەزیرە،
شارەزا لە کاروباری ئێران

FOCUS

## سەرەتا

بڕیارە ڕۆژی هەینی 19ی ئایاری 2017 ئێرانییەکان ڕوو لە سندوقەکانی هەڵبژاردن بکەن، بۆ بەشداری و دەنگدان لە هەڵبژادنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی شارەکانی ئەو وڵاتە، ئەم هەڵبژانە دوای ئەوە دێت کە پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و هەڵگرتنی سزاکانی سەر تاران بەردەوامی هەیە، هەرچەندە ڕێککەوتنەکە بە قەیراندا تێپەڕ دەبێت لەگەڵ لایەنی ئەمریکیدا، بەتایبەت دوای ئەوەی کۆمەڵێک ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی بەندەکانی دروست بووە.

دەرەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە تاقیکردنەوەیەکن بۆ دەرکەوتنی ڕای گشتی، سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەو دەرەنجامەکانی، ئاماژەش دەبێت بۆ ڕێژەی پاڵپشتی سیاسەتەکانی سەرۆکی کۆمار «حەسەن روحانی»، دادگایەکیش دەبێت بۆ دەستکەوتەکان باتایبەت لەسەر ئاستی ئابوری.

داواکاری و خۆپاڵاوتن بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، لە قۆناغی یەکەمدا پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت، دواتر ناوەکان دەگوازرێتەوە بۆ ئەنجومەنی دارشتنی دەستور، کە خاوەنی بریارە لە جیاکردنەوەی دۆسییەکان و ڕەت کردنەوەو پەسەندکردنی پاڵێوراوان، زۆرجار شیاوی پاڵێوراوان پەسەند ناکرێت، تەنانەت ڕویداوە شیاوی بەرپرسانی پێشووش ڕەت بکرێتەوە لەوانەش هاشمی ڕەفسنجانی، سەرەڕای ئەوەی کە چەندین پۆستی باڵای هەبوو بەڵام ئەنجومەنی دارشتنی دەستور شیاوی پێ نەبەخشی.

ڕێگە نادرێت بە پاڵێوراوان و پارتە بەشداربووەکان دەست بە بانگەشەی هەڵبژاردن بکە پێش کاتی دیاریکراو، کە ئەویش ئەنجومەنی دارشتنی دەستور بریاری لە بارەوە دەدات؛ پێشبینی دەکرێت بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ماوەی بیست ڕۆژ بەردەوام بێت. هەتا ڕۆژێک پێش پرۆسەی دەنگدان 55 ملیۆن هاوڵاتی ئێرانی کە تەمەنی 18 ساڵیان تەواو کردبێت مافی دەنگدانیان هەیە. بەپێی ڕاپرسییەکی وەزارەتی ناوخۆ کەلە ئێراندا ئەنجامی داوە ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەدا 60% تێپەڕ دەکات.

لە ئێستادا وەزارەتی ناوخۆی ئێران شیاوی شەش پاڵێوراوی ڕاگەیاندووە بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتە کە بریتین لە؛ حەسەن روحانی، ئیبراهیم ڕەئیسی، محەمەد باقر قالیباف، ئسحاق جهانگیری، مستەفا تەبا و مستەفا میرسەلیم.

## ڕێرەوی هەڵبژاردن 1980 – 2013

کۆماری ئیسلامی ئێران یانزە جار پرۆسەی هەڵبژاردنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار ئەنجام داوە، دەرەنجامەکان و کاریگەری خولەکانی هەڵبژاردن دیمەنی سیاسی ئەو وڵاتەیان پێکهێناوە تا بەم ئێرانەی ئەمڕۆ گەیشتووە، لەخوارەوە بە چەند ژمارەو خشتەیەک ئەوە رون دەکەینەوە.

**هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 1980**

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | 25ی کانونی دووەمی 1980 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 20993643 |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | 14152887 |
| ڕێژەی دەنگدەر | %67.42 |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | 124 |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | 96 |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | %77.41 |
| براوەی هەڵبژاردن | ئەبو حەسەن بەنی سەدر |
| ژمارەی دەنگی براوە | 10709330 |
| ڕێژەی دەنگی براوە | %75.6 |

زۆری نەخایاند ئەبو حەسەن بەنی سەدر بووە یەکەم سەرۆک کۆمار، ڕوبەڕوبوونەوەو پێکدادان دەستی پێکرد، بەتایبەت دوای ئەوەی بانگەشەی وەستاندنی هەژمونی پیاوانی ئاینی کرد لەسەر سیاسەتی ئێران.

لە ساڵی 1981، ئەنجومەن ناچاری کرد، کە لەلایەن پارتی»کۆماری ئیسلامی»وە کۆنترۆڵکرا، بەنی سەدر هەڵبێت، ڕوبەڕوبونەوەو ڕەشبگیری دەستی پێکردو هەزاران چالاکوانی گروپە نەتەوەیی و چەپەکان لە بەندیخانە توندکران، بەشێکی سزای گرتن و لەسێدارەدرانیان بۆ دەرچوو لەلایەن دادگاوە کە ئەوکات ئایەتوڵا صادق خلخالی سەرۆکایەتی دەکرد.

**هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 1981**

**هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی(جاری دووەم) 1981**

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | 24ی حوزەیرانی 1981 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | **22687017** |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | **14573803** |
| ڕێژەی دەنگدەر | **%64.24** |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | **71** |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **4** |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **%5.63** |
| براوەی هەڵبژاردن | **محەمەد عەلی ڕەجائی** |
| ژمارەی دەنگی براوە | **12779050** |
| ڕێژەی دەنگی براوە | **%90** |

لەم ساتەدا بوو سەرەتای جیاوازییەکانی نێوان ڕێکخراوی «موجاهدی خەلق» و ئەو سیستمە نوێیەی لە ئێراندا گەشەی کردبوو بەدیارکەوت. لە 12ی حوزەیرانی 1981 ئەو ڕێکخراوە بارەگای پارتی کۆماری ئیسلامی تەقاندەوەو بووە هۆی گیان لەدەست دانی 82 کەس کە لەنێویاندا پیاوانی ئاینی و وەزیر و پەرلەمانتارو سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری «ئایەتوڵا بەهەشتی» تێدابوو، دواتر بارەگای سەرۆکایەتی کۆمار لە 30 ئابی 1981 تەقێندرایەوە، ئەنجومەنی باڵای بەرگری دەستبەجێ کۆبوونەوەی نائاسایی گرێدا بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخەکە، لە تەقینەوەکەدا سەرۆکی هەڵبژێردراو «محەمەد عەلی رەجائی»، سەرۆک وەزیران «محەمەد جواد باهنر» گیانیان لەدەستدا. ئەمەش ئێرانی بەرەو هەڵبژاردنێکی نوێ برد لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا(4)، ڕابەری شۆڕشی ئێستا «ئایەتوڵا عەلی خامنەئی» بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا، بۆ دوو خول بەردەوام بوو.

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | 2ی تشرینی یەکەمی 1981 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 22687017 |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | 16847717 |
| ڕێژەی دەنگدەر | %74.26 |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | 46 |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | 4 |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | %8.69 |
| براوەی هەڵبژاردن | **عەلی خامنەئی** |
| ژمارەی دەنگی براوە | 16008579 |
| ڕێژەی دەنگی براوە | %95.05 |

**هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 1985**

هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە ئایەتوڵا خومەینی ڕەتی کردەوە پیاوانی ئاینی خۆیان بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بپاڵێون، بۆیە تا خولی سێیەمی هەڵبژاردن هیچ یەکێک لە پیاوانی ئاینی خۆیان نەپاڵاوت، تا پارتی کۆماری ئیسلامی، پێشنیاری ئەوەیان بۆ ڕابەری شۆڕش کرد کە یەکێک لە پیاوانی ئاینی خۆیان بۆ ئەو پۆستە بپاڵێون، ڕەزامەندی لەسەر ئەوە دراو ئایەتوڵا خامنەئی وەکو سەرکردەیەکی باڵای حزب خۆی بۆ ئەو پۆستە پاڵاوت لە دوای کوژرانی دکتۆر بەهەشتی. خامنەئی دەنگی زۆرینەی بەدەستهێنا، دوای گفتوگۆیەکی زۆر دەربارەی پۆستی سەرۆکی حکومەت،

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | 16ی ئابی 1985 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 25993802 |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | 14238587 |
| ڕێژەی دەنگدەر | %54.78 |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | 50 |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | 3 |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | %6 |
| براوەی هەڵبژاردن | **عەلی خامنەئی** |
| ژمارەی دەنگی براوە | 16205012 |
| ڕێژەی دەنگی براوە | %85 |

خامنەئی ناوی «میر حوسێن موسەوی» پێشکەش کرد بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی شورا پشتگیرییان دەکرد. بەم پێیەش پارتی کۆماری ئیسلامی هەردوو پۆستی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی لەدەستدا بوو.

لەو ماوەیەی خامنەئی فەرمانڕەواو سەرۆک کۆمار بوو، گوتاری زاڵ «گوتاری پیرۆزی بەرگریکردن» بوو، ئەم گوتارەش باڵادەست بوو بەسەر سەرەتای تەمەنی کۆماری ئیسلامی چونکە دەوڵەت کەوتە بارودۆخی جەنگەوە، سەدام حوسێن دژی کۆمارە ساواکە جەنگی دەستپێکرد، بەهاوکاری و هاندانی هێزە گەورەکانی جیهان. ساتی هەڵگیرسانی جەنگ کۆماری ئیسلامی لە قۆناغی ڕیزپەڕ (استپنائی) و سەرەتای بونیادنان و گەشەسەندندا بوو، کۆماری ئیسلامی ئێران لەو جەنگەدا 300000 کوژراوو برینداری هەبوو، دەیان پارێزگاو 87 شار و گوندی ئەو وڵاتە بەر قوربانی جەنگەکە کەوتن(6)، ئەوزیانە مادییانەی لەم جەنگە کەوتەوە بە سەدان ملیار دۆلار دەخەملێندرا.

ئەم بارودۆخە وایکرد گوتاری «بەرگری» لە نێو کۆمەڵگای ئێرانیدا بەگوتاری زاڵ بمێنێتەوە. لەژێر ڕۆشنایی ئەم گوتارەوە باڵادەستی کلتوری بە ئاینی کردن، دنیای ئەخیرەت، بەرزڕاگرتنی لایەنی ڕوحی، کلتوری عاشوا، بەجێهێشتنی ئەم دنیا، لەپێشتربوونی بەرژەوەندی گشتی وەک لە بەرژەوەندی تاک، دۆست و دوژمن، ئەمانەو کۆمەڵێک بنەمای دیکە وەکو ڕێسا ئێرانییەکان جێبەجێیان دەکرد. ئەم گوتارانەش سەرکەوتووبون لەبەگەڕخستنی ئەو ئایدۆلۆژیایەی ئاراستەی شۆڕش کرا، بەو ئەنجامەش گەیشت کە کاریگەری خۆی لەسەر وروژاندنی هەستی گەل بەجێهێشت.

### هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 1989

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | 28ی تەموزی 1989 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 30139598 |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | 16452677 |
| ڕێژەی دەنگدەر | 54.59% |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | 79 |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | 2 |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | 2.53% |
| براوەی هەڵبژاردن | ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی |
| ژمارەی دەنگی براوە | 15550528 |
| ڕێژەی دەنگی براوە | 94% |

ماوەی فەرمانڕەوایی هاشمی ڕەفسنجانی وەک سەرۆکی ئێران ناودەبرێت بە «سەرلەنوێ بونیادنانەوە» ؛ دوای رازی بونی کۆماری ئیسلامی بە بڕیاری ڕاوەستانی جەنگ، و کۆچی دوای ڕابەری یەکەمی شۆڕش «ئیمام خومەینی»، «پێداویستی سەرلەنوێ بونیادنانەوە» لە پێشینەی کارەکانی دەوڵەت بوون، لە پرۆسەی سڕینەوەی ئاسەوارە وێرانکارییەکانی جەنگ سەرکەوتوو بوو، هاوکات لە بونیادنانی ژێرخانی ئابوری و دەکردنی وڵات لە ژێر پشتبەستن بە تەنها یەک سەرچاوەی وەک نەوت بەچڕی، فراوانکردنی بواری دیبلوماسی و گرنگیدان بە «گوتاری بونیادنان» و تێپەڕاندنی قۆناغی بیر و ئایدۆلۆژیای شۆڕش بۆ قۆناغێکی دیکە. لەژێر ڕۆشنایی ئەم گوتارە، ئێران گەشەسەندنی باشی بەخۆوە بینی؛ چ لە ڕوی ژێرخانی ئابوری، ڕێکخستنی داهات، سەرلەنوێ بونیادنانەوەی بەشێکی گەورەی وێرانکارییەکان جەنگ.

تەکنۆکراتەکان بەرپرسیارێتی بەشێکی گەورەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان لە ئەستۆ گرت. هاشمی ڕەفسنجانی توانی ڕێڕەوی سیاسەتی فەرمانڕەوایی دەوڵەت بگۆڕێت کە بۆ ماوەیەکی درێژ وڵات لە جەنگدا بوو، لەم ماوەیەدا کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری جومگەکانی دەسەڵاتی کردو لەڕوی ئابورییشەوە گەشەسەندنی باشی بەخۆوە بینی بەجۆرێک لەدوای شۆڕشەوە بۆ یەکەم جار بوو وڵات ئەو ئاستە لە گەشەی ئابوری بەخۆوە ببینێت، ئەو هەوڵەش بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا ئامانج لێی هەموارکردنی سیاسەتی ئابوری بوو کە «میر حوسێن موسەوی» دایڕشتبوو، گرتنە دەستی دۆسیەی ئابوری لەلایەن «نوربەخش» وەکو وەزیر کە لە ئەمریکا خوێندبووی، ئەو باوەڕی بەوە نەبوو ئابوری تەنها لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بێت. گوتاری هاشمی 180 پلە جیاواز بوو، بەراورد بە گوتاری موسەوی؛ ئەمەش لە هەردوو کایەی سیاسی و ئابوری ڕەنگی دایەوە.

دیدی ڕەخنەگرانی ئەم گوتارە ناکۆک بوو بەوەی پێناسەیەکی نائایدۆلۆژی بۆ ئاین پێشکەش بکرێ، و پاڵیان دەنا بەرەو گۆشەیەکی تایبەت و دیاریکراوەوە، ڕۆڵ و ئامادەییان لە ژیانی گشتیدا پەراوێز دەخست.

ئەم گوتارە زیاتر گرنگی دەدا بەگەشەسەندنی ئابوری بەشێوەی سەرمایەداری. هەروەها ڕەفسنجانی هەوڵیدەدا بەرگێکی لیبراڵی بە بەر شۆڕشدا بکات، چونکە باوەڕی وابوو ئەو بابەتە گرنگە بۆ ئێران و تەنها پرسە کلتورییەکان گرنگ نین، بەڵکو دەبێت دواکەتوویی تێپەڕێنن و بچنە قۆناغێکی نوێوە. ئەوەی خەمی بوو بەنها نوێبوونەوەی ئێرانە.

### هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 1993

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | 11ی تەموزی 1993 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | **33156055** |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | **16796787** |
| ڕێژەی دەنگدەر | **%50.66** |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | **128** |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **4** |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **3.12%** |
| براوەی هەڵبژاردن | **ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی** |
| ژمارەی دەنگی براوە | **10566499** |
| ڕێژەی دەنگی براوە | **63%** |

گوتاری بونیادنان کێشەی سەرەکی لە ناوەخندابوو کە تەنها گرنگیدان بوو بەگەشەی ئابوری، پشتگوێخستنی «دادپەروەری و لایەنی روحی»، و پێشکەشکردنی تێڕوانینی نوێ بۆ «کلتور و ئازادی» لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەی شۆڕش ناساندبووی،

دروشمی سەرەکی تەکنۆکراتەکان لەسەر بنەمای نۆژەنکردنەوەو گەشەپێدان بوو بەبێ گرنگیدان بە هۆکارە کارتێکەرەکانی دیکە، چارەسەرنەکردنی ئەو بەرهەڵستی و ڕەخنە زۆرەی ئاراستەی دەکرا درێژ بوویەوە تا گەیشتە لای ڕابەری شۆڕش، بێ بەردەوامیدان بەم گوتارە دەرەنجامێکی بەرهەمداری لێ بەدینایەت بۆ ئەوەی هەوڵی بەدیهێنانی بـدەن، بۆیە دەرکـەوت کۆمەڵگای ئێرانی هاوڕابوون لە ڕەت کردنەوەی بەردەوامیدان بەم گوتارە، ئەم هەڵوێستەی خۆیشیان لە هەڵبژاردنە جیاوازەکاندا وەدەرخست، بەڵام هەشت ساڵ بەم جۆرەبوو هاوڵاتیانیش ڕایان وابوو ئەم گوتارە شکستخواردوو نەزۆک بووە

### هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 1997

ساڵی 1997 پێداچونەوە کرا بە پێکهاتەی گوتاری ئێرانی لەسەر دەستی حکومەتێکی نوێ، دەتوانرێت بوترێت: ئەم ماوەیە وەک قۆناغی سێیەمی شۆڕش سەردەمی گوتاری چاکسازییە لەسەر بنەمای «گەشەسەندنی سیاسی»، وەک چۆن دەوترێت: ئازادی بەشداری گشتی، هەڵبژاردن و کرانەوە لە سیاسەتی دەرەوە، فراوانکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان، کە ئەمانە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەم گوتارە بوون. گوتاری چاکساریش بۆ ماوەک کاری لەسەر کراو نزیکەی هەشت ساڵ درێژەی کێشا لە (1997-2005) بەم شێوەیە توانرا دەسەڵاتی جێبەجێکردن کۆنترۆڵ بکرێت جگە لە ناوەندەکانی دیکەی هێز لە وڵاتدا. لەم دۆخەدا، هاتنی ئەم گوتارە پاش پشتگوێ خستنی گوتاری (سەرلەنوێ بونیادنانەوە) بۆ بابەتەکانی گەسەندنی کلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو.

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | 23ی ئـایـاری 1997 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | **36466487** |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | **29145745** |
| ڕێژەی دەنگدەر | **79.92%** |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | **238** |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **4** |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **1.68%** |
| براوەی هەڵبژاردن | **محەمەد خاتەمی** |
| ژمارەی دەنگی براوە | **20138784** |
| ڕێژەی دەنگی براوە | **69.1%** |

بەشداری بەرفراوانی گەل لە هەڵبژاردندا، گەیشتە نزیکەی 30 ملێۆن دەنگدەر، بووە سەرەتای دەستپێکی گوتاری چاکسازی درێژبووەیەوە بۆ ماوەی هەشت ساڵ (1997-2005)، بەشداری ملیۆنان کەس لە ڕاستیدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتوری باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو بەتایبەت لەو چەند ساڵەدا، داواکاری خەڵکی باڵادەستی دەسەڵاتی گەل بوو، کە بەسترابون بە کۆمەڵێک گۆڕاوی گرنگی دیکەی گەشەسەندنەوە، هەروەها خواست و ئارەزوو بۆ گۆڕانکاری بوو، گرنگترینیان؛

- گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دانیشتوان و هاوشان بەمەش زیادبوونی کەرتی لاوان و گەنجان.
- ژیانی شار و شارستانیەت و بڵابونەوەی حەزی کۆچکردن بۆ شارەکان لەسەر بنەمای پێشبینی زۆر بۆ خۆشگوزەرانی و ئاستی مەعیشی.
- گەشەی بڕ و جـۆری درێژبوویەوە بۆ دامــەزراوە زانستی و کلتورییەکان و گەشەسەندنی زانکۆکان و زیادکردنی ژمارەی خوێندکاران بەشێوەیەک کە لە ڕابردوودا وێنەی نەبووە، و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سیستمی چینایەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی هاوکات بڵاو بونەوەی کلتوری بەکاربردن.
- ڕودانــی گۆڕانکاری بنچینەیی لە سیستمی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، پێشکەش کردنی سیستمێکی بەهایی نوێ.
- دەرکەوتنی گۆڕانکاری گەورە لە سیاسەتی جیهانی.
- شۆڕشی پەیوەندییەکان و کۆتاییهێنان بە سەردەمی قۆرخکاری ڕاگەیاندن.
- دەرکەوتنی نەوەیەکی نوێی دەستەبژێری سیاسی و زیادبوونی وشیاری سیاسی.
- زیادبوونی چالاکی دیبلوماسی و سیاسەتی سنورداركردنی ناکۆکی لە سیاسەتی دەرەوەدا.

### هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2001

دوای بردنەوەی خاتەمی، کەسایەتییە ڕیفۆرمخوازەکان گەشەیان کرد، زۆرێکیان پۆستی گرنگیان گرتە ئەستۆ، جموجۆڵیان لەشێوەی لەشۆڕش یان نیمچە شۆڕشێک بوو، وەکو ئەوەی جوڵانەوەکەیان مورکێکی تایبەت و تێڕوانینێکی تایبەتی هەبوو.

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | 8ی حوزەیرانی2001 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 42170230 |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | 28155819 |
| ڕێژەی دەنگدەر | 66.77% |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | 418 |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | 10 |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | 1.23% |
| براوەی هەڵبژاردن | **محەمەد خاتەمی** |
| ژمارەی دەنگی براوە | 21659053 |
| ڕێژەی دەنگی براوە | 77% |

دەستیان کرد بە گرنگیدان بە بابەت و زانستە مرۆییەکان، تەوژمێکی ڕۆشنبیری نوێ گەشەیانکرد، کە هاوکات پەیوەندیدار بە مشتومڕ و بیری ئاینی، لە زۆر شوێندا کەسانیک دەبونە چەق، بۆ نمونە عبدالکریم سروش بەدیدەکرا لەو تەوژمەی گەشەی سەندبوو بۆ دووبارە وەبەرهێنانی هزری (إنتاج أفكار) لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و هزری. هەر لە سەرەتاوە، زنجیرەیەکی فکریان بەرهەمهێنا بەناوی «کیان»، دواتر ناوەندی لێکۆلینەوەی ستراتیجی تایبەت بە سەرۆکایەتی کۆمار و چەند دامەزراوەیەکی دیکەش بە باشی بونیادی بیری چاکسازیان دەنا، گوتاری چاکسازی بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەبوو لای «گەل»، وەکو ئەوەی لە ناوەڕۆکدا بەشێوەیەکی سەرەکی، تەوەرەکانی «گەشەی سیاسی» و «کۆمەڵگای مەدەنی» و «ڕێکخستنی یاسا»بوو.

بەڵام، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک گرنگیان نەبوو بۆ دەستکەوتەکانی ئەم گوتارە ئەرێنیە، و ڕەخنەی زۆریان لێ دەگرت، چونکە پێیان وابوو «ئاین و بەها ڕوحییەکان» دژی ئەوەن و پەراوێزخراون بەهۆی هەژمونی عیلمانییەوە. بەرپرسان زیادڕەویان دەکرد لە «بەدیموکراتیکردن لەسەر حسابی گەل»، بەڵام ئەوەش هاوکاتبوو لەگەڵ داکشانی ئابوری، بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵئاوسان، داخستنی چەندین کارگە بە هۆکاری ئەو هەڵئاوسانە، دابەزینی پرۆسەی وەبەرهێنان، بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری، پشتگوێخستنی بونیادنانی وڵات و گەشەپێدانی، جگە لەوەش کەم و کورتی لە گوتاری بەرپرسان، هەرچەندە هەندێک هەوڵ هەبوو بۆ دارشتنەوەی ئەو گوتارە، وەکو هەوڵ بۆ دارشتنی گوتاری بونیادنان، هەندێ چاکسازی ڕوکەش کە سیمایەکی ناوچەیی هەبوو، ئەمەش وەک ئەستۆ پاکییەک لە پاشکۆیەتی ڕۆژئاوا، بەڵام سەرهەڵدانی قەیرانی پێناسەکردن بۆ چاکسازی، تەنانەت تا بەئەمڕۆش پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ ئەو گوتارە نییە، و بەشێکی زۆر لە نێو ڕیفۆرمخوازان بەشێوەیەکی ڕیشەیی پێیان وایە ئەم گوتارە نمونەی کۆپییەکی کلاسیکی ڕۆژئاوایە، هاوڵاتیان هەشت ساڵ ئەم دۆخەیان بەڕێ کرد، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی 2005 بڕیاریان لەسەر شکستی ئەم گوتارەدا.

**هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2005 خولی یەکەم**

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن (خولی یەکەم) | 17ی حوزەیرانی 2005 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 46786418 |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | 29400857 (هاوڵاتیانی دەرەوەی ئێرانی نەگرتەوە) |
| ڕێژەی دەنگدەر | 62,84% |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | 1014 |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | 8 |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | 0.79% |
| براوەی هەڵبژاردن | **هاشمی ڕەفسنجانی** |
| ژمارەی دەنگی براوە | 6179654 |
| ڕێژەی دەنگی براوە | %21 |

ئەنجامدانی ئەم هەڵبژادنە سەرەتایەک بوو بۆ؛ کەنارگیرکردنی ڕەفسنجانی، سنورداركردنی ڕۆڵی لە ژیانی سیاسی ئێراندا، ئاراستەی ئەم هەڵبژادنە بەجۆرێک بوو کێبڕکێی سیاسی گۆڕی بۆ ململانێی سیاسی لە نێوان مەحمود ئەحمەدی نەژاد کە یەکێک بوو لەپاڵێوراوەکان و چەند کەسایەتییەکی سیاسی کە کاریگەربوون بە ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی، لەوانیش سەرۆکی ئەنجومەنی شارەزایانی پێشوو و سەرۆکی کۆمەڵەی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم. ئەحمەدی نەژاد توانی ببێتە خاوەن گوتارێکی میللی و بنچینەیی (اصولی) و سەربکەوێت بەسەر

گوتاری بونیادناندا، بەشێوەیەک لاپەرەیەکی بەرووی سیاسەتدا کردەوە تا ساڵی 2009 و تا ئەمڕۆش کۆتایی نەهاتووە. بەپێی تێڕوانینی زۆرێک لە چاودێران و شارەزایانی سیاسی وا لە هەڵبژاردنی 2005 دەڕوانن کە ڕوداوێکی گەورەیە لە مێژووی شۆڕشی ئیسلامیدا، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاسییەش دوو بەڵگە دەهێننەوە: یەکەمیان: ئەنجامی هەڵبژاردنەکە خۆی بوو، ئەوی دیکەش توانای پاڵێوراوەکان بوو، بێ پاڵپشتی لایەن یان گروپێک یان پارتێ، بەبێ بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، چونە گۆڕەپانی کێبڕکێوە، بوونە چەقی مشتومڕی خواست و داواکاری خەڵکی و لە بیرکردن و پشتکوێخستنی ڕکابەرەکانیان، پێشکەوتنی تەنها دوو پاڵێوراو، سەرەڕای ئەوەی هەریەکەیان چوونە کبڕکێیەوە بە تیمێکی ڕاگەیاندنی تۆکمەو بانگەشەیەکی پڕ تێچوونەوە.

**هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2005 خولی دووەم**

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن (خولی دووەم) | 24ی حوزەیرانی 2005 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | **46786418** |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | **27958911 (هاوڵاتیانەی لەدەرەوەی ئێران بوونی نەگرتەوە)** |
| ڕێژەی دەنگدەر | **59,76%** |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | **2** |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **2** |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **100%** |
| براوەی هەڵبژاردن | **مەحمود ئەحمەدی نەژاد** |
| ژمارەی دەنگی براوە | **6179653** |
| ڕێژەی دەنگی براوە | **%21** |

هاشمی ڕەفسنجانی وای لێکدایەوە لە خولی یەکەمدا هەڵبژاردنەکەدا سەرنەکەوتووە ئەوە کارێکی «بە بەرنامەبۆ داڕێـژراو بووە» کە لە چوارچێوەیەکی «ڕێکخراودا» ئەنجامدراوە، ئەو شکستەشی نەگەڕانەوە بۆ هەڵوێستی خەڵک و ئـەدای سیاسیان بەڵکو گەڕاندییەوە بۆ «خراپکردن شێواندنی ڕێکخراو»ی پرۆسەکە.

**هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2009**

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | 12ی حوزەیرانی 2009 |
|---|---|
| ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | **46199997** |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | **39371214** |
| ڕێژەی دەنگدەر | **85,21%** |
| ژمارەی ئەوانەی داواکاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | **475** |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **4** |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **0,84%** |
| براوەی هەڵبژاردن | **مەحمود ئەحمەدی نەژاد** |
| ژمارەی دەنگی براوە | **24592793** |
| ڕێژەی دەنگی براوە | **63,1%** |

لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەدا، ئێران کەوتە قەیرانێکی سیاسییەوە بە دووبـارە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەد نـەژاد، ئەنجامەکە جێی گومان بوو بۆ ڕکابەرو کێبڕکێکەرانی، بەشێک لە سەرکردەکان بەم ئەنجامە قایل نەبوون بۆیە خۆپیشاندان و بەریەککەوتن بەرپابوو، خۆپیشاندەران دروشمی «کوا دەنگم؟»یان بەرزدەکردەوە، ڕژێم ئەو خۆپیشاندەرانەی بە «ئاژاوەگێڕ» ناودەبرد. تا بەئێستاش کاریگەری ئەو قۆناغە بەسەر سیاسەتەوە مـاوە، کە تێیدا سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن (میر حوسێن موسەوی و مەهدی کەڕوبی) لە ماڵەکانی خۆیان دەستبەسەر کران.

لە ماوەی خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، ئەحمەدی نەژاد پاڵپشتی سوپاو پیاوانی ئاینی وەرنەگرت وەک لە خولی یەکەم، شێوەیەک لە بەریەککەوتن ڕویدا دەربارەی چالاکی سیاسی و سەربازی، جیاوازی لەگەڵ ڕابەری باڵاشدا دەربارەی هەندێ پرس هاتە گۆڕێ، سێ جار سەرۆکی ئێران ئەحمەدی نەژاد هەوڵی دەدا بەبێ ڕابـەری باڵا خۆی ڕێـڕەوی بڕیارەکان دیاری بکات. ئەوەش لە سێ بڕیاری هەستیاردابوو، یەکەمیان ئەحمەدی نەژاد «ڕەحیم مەشائی» زاواو هاوێی دیاری کرد، بە جێگری خۆی، سـەرەڕای ئەوەی ڕەخنەی توندی لێ گیرا بەڵام لە بڕیارەکەی پاشگەزنەبوویەوە تا ئەو کاتەی خامەنیی فەرمانی پێکرد مەشائی لەو پۆستە دووربخاتەوە.هەوڵی دووبارەکردنەوەی دروستکردنی ڕێڕەوێکی سەربەخۆ کاتێک بەشێوەیەکی پیشەیی وەزیری دەرەوە مەنوچەهر موتەکی لە کارەکەی دورخستەوە، ئـەوەش پاش

ئەوەی نەژاد بەشێوەیەکی هاویەریب دەستێوەردانی کرد لەکارە دیبلۆماسییەکاندا، لێرەوە جیاوازی دروستکردبوو لە نێوانیاندا دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، سەرەڕای ئەوەی خامنەئی دژی ئەوەبوو.

هەولّی سێیەمی سەرۆک لەسەرکارلادانی وەزیری هەواڵگری ئێرانی بوو، ئیسلام حیدەر مصلحی بەبیانوی ڕاپیکردنی باشتری کاروبارەکان، سەرەڕای ئەوەی، ڕابەر دژی ئەوە بوو.

لەگەڵ پێشنیار دەربارەی کاروباری «قوتابخانەی ئێرانی» و هەندێ پرسی دیکە، کە بووە سەرەتای ئەوەی لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە بە تەوژمی لادەر «تیار الانحراف» وەسف بکرێت، دواجار ئەحمەدی نەژاد بە ئاستێکی بەرز لەم مشتومڕەی چوبویە ناوی دەرچوو.

### هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2013

حەسەن ڕوحانی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەو پەیامەی پێی بوو نزیک بوو لە پەیامەکەی ڕەفسنجانی، تەوژمی اصولی لەم هەڵبژاردنەدا شکستی هێنا، «نـا»ی خەڵک بە گەرمی، بۆچونی زۆرێک بوو بۆ ڕەتکردنەوەی تەوژمی ئوسولییەکان لەم هەڵبژاردنەدا کە نەیانتوانی پاڵپشتییەکی گەورە کۆبکەنەوە، خەڵک پێشبینیان دەکرد «ئەحمەدی نەژادی نوێ»یان لێ ببینن، ئێران لەم کاتەدا پێویستی بە گۆڕانکاری و دەرچون بوو لەو قەیرانەی تێی کەوتبوو، ئوسولییەکان نەیانتوانی لەسەر پاڵێوراوێک کۆدەنگ بن. بەڵێنی ڕوحـانـی بۆ حکومەت «دامــەزراوەو هیوا»بوو بۆ

| بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن | ی14 حوزەیرانی 2013 |
|---|---|
| ژمـارەی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | **48288799** |
| ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە | **36821538** |
| ڕێژەی دەنگدەر | **76,25%** |
| ژمـارەی ئـەوانـەی داواکـاری خۆپاڵاوتنیان پێشکەش کردبوو | **686** |
| ژمارەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **8** |
| ڕێژەی ئەوانەی شیاوی خۆپاڵاوتنیان وەرگرت | **1.1%** |
| براوەی هەڵبژاردن | **حەسەن ڕوحانی** |
| ژمارەی دەنگی براوە | **18692500** |
| ڕێژەی دەنگی براوە | **50,6%** |

دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ چارەسەری پرسە هەستیارەکان، وەکو وەستان بەڕوی ڕۆژئاوادا بەتایبەت لە دۆسیەی ئەتۆمیدا، خراپی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران، کەناگیرکردنی تاران لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ڕوحانی هەمان تێڕوانینی ڕەفسنجانی دووبارە کردەوە لەسەر ئاستی پەیوەندییە دیبلوماسییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی 1979 بەهۆی ڕوداوەکەی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران بچڕابوو، باوەڕی وابوو نابێت ئەو بچڕانە دیبلوماسییە درێژەی هەبێت.

ڕوحانی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بارگرژییەکانی لەگەڵ ڕۆژئـاوا دامرکاندەوە، بەڵام دەستکەوتە ئابورییەکانی بەو جۆرە نەبوو سەرەڕای ئەوەی سەرکەوتووبوو لە کەمکردنەوەی هەڵئاواسانی ئابوری. لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، هێشتا لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی لە قەیراندایە، لەپێش هەموویانەوە سعودییە بەتایبەت لە بارەی پرسی سوریا و یەمەنەوە کەوا لێکدەدرێتەوە ڕوحانی سەرکەوتوو نەبووە لە بەڕێوەبردنی ئەم دۆسیەدا.

*** لەلایەن ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕانەوە ئامادە کراوە.**

## سەرچاوەکان

نووسەر بۆ نووسینی توێژینەوەکەی سوودی لەم سەرچاوە و ماڵپەڕانە وەرگرتووە: (جەزیرە، ماڵپەڕی وەزارەتی ناوخۆی ئێران، سەنتەری عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوە توێژینەوە سیاسییەکان، ڕۆژنامەی ئیتیکار، ڕۆژنامەی نور، وەرزنامەی زەمانە، ئاژانسی فارس نیوس، بی بی سی فارسی و ...هتد).

http://www.aljazeera.net/news/internationa

Ministry of Interior http://www.moi.ir

http://www.etemaad.ir/Released/87313/17-12-.htm

http://www.bbc.co.uk/persian/iran/2009090509/05/_ra_ir88_candidates.

http://www.feirahi.ir/?article=159

www.farsnews.com/newstext.php?nn=8807270286

http://www.bbc.co.uk/persian/iran/story/2005050619/06/_mf_hashemi.shtml

http://www.iran-emrooz.net/index.php/news246094//